# درێژترێن پەرلەمانی دونیا  خۆی هەڵوەشانەوە

سیروان   ئەمین
sirwanlatif

بەپێی ی هەوڵێک کە سایتەکان بڵاویان کردەوە  پەرلەمانی  کوردستان کە  درێژترن تەمەنی کرد لەم رۆژانەدا بە بڕیارێک خۆی هەڵوەشاندەوە و بەو شیوەیە سیانزە سال شتێک کە تەنها ناو بوو و هیچ ناوەڕۆکێکی  نەبوو مردنی  خۆی  ڕاگەیاند  ، ئەم پەرلەمانە وەک هەر پەرلەمانێکی تر  کە هەڵبژێررا دونیاک وەعدەو بەڵێنی بەخەڵک دا بە تایبەتی ئەوکات تازە هێزەکانی سەدامی خۆێنرێژ لە کوردستان کشابوەوە و خەڵک هەستیان بە ئازادی دەکرد و حەزیان دەکرد ژیانێکی خۆش و ئاسودەیان هەبێ بەڵام ئەو پەرلەمانەی کە تەزویر گەیشتەئاستێ تەنانەت ئەندامی حیزبەکان بە شانازیەوە باسیان دەکرد  هێەوە بوو دواتریش برابەشکرا لە نێوان یەکێتی و پارتی  نیوە بەنیوە .

هەرچۆنێ بێت پەرلەمانێک لە زەرد و سەوز دروست کرا ، ئەم پەرلەمانە یەکەم  بڕیاری هێرش کردن بوو بۆ سەر چەکدارەکانی پێ کە کە بە هاوکاری تورکیا  ئەوەبوو چەکدارەکانی ئەم دوو حیزبە هەڵیان کوتایە سەر پی کە کە و دەیانیان لێ کوشتن و ئەوانی تریش یان  بریندااران کران یان بەدیل گیران .
کە شەڕی  ناوخۆش  دەستی  پێکرد ئەندام  پەرلەمانتارەکان  چەکەکانیان  کردەشان و  کەوتنە وێزەی یەکتر ، ئەو ئەندام پەرلەمانانە لە شەڕێکدا بەشداریان کردکە نزیکەی شەش هەزار کەس تێدا کوژراو  ئەوەندەش بریندار و حەفتا هەزار کەس   ئاوارە بوو  هە رەوها  لەو دەمەدا هەم جارێکی ترحەرەس جمهوریەکانی سەددام هاتنەوە کوردستان و خەڵک ئاوارە بووەوە هەم هێزەکانی ڕرژێمی گەندەڵی جمهوری ئیسلامی بە سوپاکەیەوە هاتە  نێو  کوردستانەوە  ئەمە جگە لە سوپای تورکیا کە هە چەند مانگ و جارێک خۆی دەکرد بەکوردستانا.
لە تەواوی دونیادا هەموو پەرلەمانێک کاتێکی دیاری کراوی هەیە لە چوار ساڵ یان پێنج ساڵ پیک دێت کەچی  ئەوە  سێ ئەوەندەیە  پەرلەمانی سەوزو زەردی کوردستان تەمەن دەکات  و  دواتر خۆ ی هەڵدەوەشێننەوە کە  هەرگیز شتی وا نەبوە لە مێژوودا.

ئەم پەرلەمانە لەدایک بوون و مردنی پێکەوە  بوو ، هیچ کارێکی وای نەکرد کە شایانی باس بێت وە لە پاش کەمتر لە دووساڵ بنکەی ئەم پەرلەمانە بوو   سەنگەری شەڕەتفەنگ و پیاو کوشتن.
ئایا پەرلەمانێک کە نیوەی بەرانبەر نیوەکەی تری بگرێت ودەست باتە چەک ڕاوی یەکتر بکەن کەس دەتوانێ بلێ شەرعیە ،ئایا پەرلەمانێک کە سێ جار دەورەی ئەسلی خۆی تێپەڕێنێ چۆن پەرلەمانێکە ،، ئایا ئەو پەرلەمانە دەیەوێ خۆی بخەڵەتێنێ یان ئەو هەموو خەڵکی کوردستان بە هیچ نەزان دەزانێ کە دوای سیانزە ساڵ دێن باس لە خۆهەڵوەشاندنەوەو هاڵبژاردن دەکەن ، بە بۆچونی من  خەڵکی کوردستان لەوە هوشیار ترن کە ئەم قسانە چەواشەیان بکات .

بەڕاستی ئەو پەرلەمانەش کە لەماوەی سیانزە ساڵدا سیانزە جار مرد و زیندویان کردەوە بۆ نێو سجلەکەی جینز باشە وەک ناشازترین پەرلەمانی دونیا .

12.04.2005